**6 بابەت:**

**لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە زانایانی کورد تیادا رۆلیان بینیوە لە شارستانیەتی ئیسلامی :-**

**گەشت کردن لە پێناو زانست (الرحله في طلب العلم )**

**گشتە زانستیەکان توخمێکی بە هێز بوون لە ژیانی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە زورەبەی سەردەمەکانیدا بە واتەی گەران و گواستنەوە لە شوێنیکە و بۆ شوێنیکی تر خوێندکارانی زانست زۆر گرینگیان دە دا بە وەرگرتنی زانست لە شێخەکان ( ماموستا ) و مودەرس بە شێوەیەك لە شێوەکان زۆر باو بوو، هەروەها جێگای نیگەرانی بۆ وبە توندی پێیان ناخوش بوو کە خوێندکار تەنها لە کتێبەوە زانست وەربگرێت، ولە نێو زانیان باو بوو کە** (من اعظم البلية تشييخ الصحف ) **واتە لە بەلا گەورەکان ئەویە فێربوون تەنها لەسەر لا پەر ە بێت بی بوونێ ماموستا.وا بۆمان دەردەکەویت کە گشتی زانستی دیاردەیکی باوو بۆ بە دەست هێنانی زانست.**

**وا دیارە گەشتە زانستیەکان سوودی زانستی یەکجار زوری هەبووە، هەروەها یەکێکە لە هوکارەکان بۆبوو پەتەوو کردنی پەیوەندییە زانستەیەکان لە نیوان فێرخواز و زانا ، هەروەها ناوچەکانی جیهانی ئیسلام بە یەکەو دەبەستنەوە، هەروەها فیرخواز لە پیناو زانستە کەشت دەکا وهاندانیکی ڕۆحی لە ئایینە ئیسلامیەکەیەوە وەردەگرێت، هەروەها لە ئاراستەکردنی موسڵمانان بۆ گرنگیدان بە زانست وگەشتە لە پیناویدا ، کە لە زۆر جیگا لە قورئانی پیروز دا پشت راست کراوەتەوە کە هانی موسڵمان دە دات بۆ فیربوون وکەران بەدوای زانست و بەردوام هەوڵی گەشەکردن بدات وفیربوون کوتایی نابیت وەك(** فلولا نفر من كل فرقة منهم طائفة ليتفقهئوا في الدين ولينذروا قومهم اذا رجعوا اليهم لعلهم يحذرون ) .

**هەروەها پیشتریش باسمان کرد کە زۆر لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ ) ئاماژە بە پێگەی زانا وگەشت لە پیناو زانستدا دەکات وهانی موسڵمانان دە دات بۆ گەشت کردن بۆ فێربوون، بۆیە سەرەرای زەحمەتی وسەختیەکانی گەشت لە و سەردەمە دا ، فێرخوازان گەشتیان لە لا خوشەویست بوو جی بەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە وفەرموودەکانی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم . بەم شێوەیە ئاینی ئیسلام پێگە یەکی ئەرینی هەبوو لە هاندانی بەدوا دا چوونی زانست، وبە هۆی گرنگی سەفەر وگەشت لە ژیانی موسڵماندا ، زانا ئیبن خلدون کە لە ساڵی ( 808 ك ) کۆچی دوای کردووە لە پێشەکیدا بابەتێکی تایبەت تەرخان کردووە کە تێیدا روونی کردووەتەوە کاریگەری گەشتەکردن لە سەر گەشەسەندنی زانستی ومەعریفە و ناوی لەی ناوە** (الرحلة في طلب العلوم ولقاء المشيخة ) **بە واتەی " گەران بە دوای زانست ومەعریفە وچاوپێکەوتن لە گەڵ شیخەکان مەبست لێرە زانا دەیت کە بە زانای ناوبانك و لی هاتوو وخاوون عیلەم وروناك بێر بوایە پی ئەوترا**

( شیخ ) زۆر نازناوی  تری هەبوو بۆ کە ئاماژە بە ماموستا  دەکات و پلەی زانستی تریش هەبوو  وەك شیخ الشیوخ مدرس و امام و علامە ....هتد. هەروەها خاڵێکی دەیك لە سوودەکانی گەشتی زانستی  پەروەردە کردنی راستەوخۆیە بۆ بە دەستهێنانی زانست، هەروەها زانیارەیەکان جێگیر تر و  قوولتر دەبن  وسوودی زیاتر، وئالووگوری مەعریفە وزانیاری بە دی دەکریت .  لەگەڵ فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا گەشت کردن وکەران بە دوای زانست زیادی کرد وگەشی کرد بە تایبەتی لە سەدەی دووەمی کۆچی / 8ی ز )ولە سەدەکانی دواتر زیاتر گەشەی کرد ، و زورترین کاریگە لەوی ریی هەبووە لە  پتەوکردنی  پەیوەندییەکانی لە نێوان شارەکانی جیهانی ئیسلامی ، وبەستنەوەی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی بە ڕۆژئاوای ئیسلامی وهەڵوەشاندنەوەی سنوورەکان ، جیهانی ئیسلامی وای لیّ هات کە لەیك شار بجیێت.

لێردا باس لە ژمارێکی زۆر کەم لەو زانا کوردان دەکەین کە گەشتیان کردووە بو نموونە ، أبو الحسن علی ئیبن علی سعادەت فارەقی کە گوچی کرد لە میافارقینەوە رووی کردە تەوریز دواتر بەرو بغەدا رۆیشت لەویّ مایەوە وەك ماموستایکی بە ناوبەنگ ناوّی دەرکرد. هەروەها فەقیە زانی بە ناوبەنگ (  زیائو الدین کوری عیسی کوری درباس هەزبانی یەکێك بوو اە زاناترین  فەقێیەکانی سەردەمی  خۆی لە  عەقیدەی ئیمامی  شافعیدا،  لە  تەمەنی گەنجیدا  لە  إربل  کاری کردووە  ، دواترچوو بە رەو دیمەشق لە ژێر دەستی زانای بەناوبانگی دیمەشق ( ابی عصرون ) ئەصولی فەقیە خوێند، هەروەها زۆر بنەماڵی کورد هەبوون کە ناوبانگیّ بەرفراوانیان  پەیدا کرد وەك بنەماڵی جەزری کە لە جەزیرە و کۆچیان کرد بۆ موسڵ و لە وەی زانستی جۆراوجۆر فێر بوون وتەواویان کرد بوون بە زانا وماموّستا  وشیخ وئیمام ، و هەریەکەیان تاییە تمەند بوون  لە  زانستێکی دیاریکراو، وەك مێژوونووسی بەناوبانگ بە ناوی عیز الدین ئیبن ئیر کە لە ساڵی 630 ك کۆچی دوایی کردووە ، لە موسڵەوە کۆچی کرد بۆ دیمەشق و پاشان بۆ حەلەب ولەویّ نیشتەجیّ بووە دواتر کراوەتەوە بۆ موسڵ.

هەروەها لە نێو ئەو زانایانەی کە گەشتیان کردووە بۆ ناوچەی حیجا زکە شوێنەو مەڵبەندی زانست وزانا بووە بەهۆی پیگەی ئایینی ، حافز زەین الدین عبد الرحیم بن الحسین بن عبد الرحمن بن إبراهیم المهرانی الکردی کە چەند جارێك سەفەری کردووە بۆ دیمەشق و حەلەب و حیجاز دواتر بۆ میسر و چەند شاریکی دیکە دەروات.

مۆڵەتی زانستی ( الاجازات العلمیە ):

یەکێکی دەیکی لە دیاردە زانستیەکانی سەردەمی ئیسلامی وەرکرتنی مۆڵەتی زانستی کە هاوشیوە بروانامەی ئەکادیمی ئەم سەردەمیە، بوونی ئەم دیاردەیە ئاماژە بە ئاستی بەرزی رۆشنبیری و خۆشگوزەرانی ژیانی زانیاری و زانستی لە ولأتانی جیهانی ئیسلامی دەکات.هەروەها مۆڵتی زانستی  پەیوەستە بەسەفەر کردن وکەران بە دوای زانستدا .

هەروەها بڕوانامەی زانستی بەشێکی گرنگی سیستەمی پەروەردەی ئیسلامیە ، مۆڵەت (إجازە) واتە ریپیدان ، واتە ئەوە کەسی مۆڵەت وەرئگریت ڕێکە پی دراوە تا ئەو بابەتە بە گێڕیتەوە لە ئەو شیخە یکە مۆڵتی پی بەخشییوە، زۆر جار مۆڵت ئەدرا تەنها بو گێرانەویە کتێبیك یان بۆ ووتنەوی زانستیك کە پەویست بە چەند کتێبیك تەواو بکری ئەو مۆلەتەش ڕێگەی پی دەدات ئەو زانست بگێڕیتەوە بە مەرجێك ئەکر شێخەکە (زانا )کە دڵنیا بوو لە توانی قوتابی لە کتێبێك دوای تاقیکردنەوە. هەروەها قوتابی گەشتە زانستیەکانی ئەکرد لە هەندێ جار لە پیناوی وەرگرتنی مۆڵەتی وانەبێژی و چاوپیکەوتن لەگەڵ زانا بە ناو بانگەکان . بە گشتی وەرگرتنی مۆڵەت ئاسان نەبوو ، زۆر زەحمەت و مەشەقەتی تێدا بوو ، سەفەر کردن لەو سەردەمە ئاسان نەبوو ، هەروەها دەبوایە کتێبەکەی بە جوانی لە بەر بکە و شارەزای باشی هەبێت لە شرۆڤە کردنی ، هەروەها هەندێ جار دەبوایە بۆ بە دەست هێنانی مۆڵەت لە کتێبێکدا چەند مامۆستایەك رەی پێبدەن، لە شارستانیەتی ئیسلامدا ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی کورد ڕۆڵی گرینگیان هەبوو لەم بوارە ، و دەستیان هەبوو لە بەخشینی بڕوانامە و وەرگرتنی بڕوانامە، هەروەها ڕۆڵێکی بەر چاویان هەبوو لە ژیانی زانستی و گەشە کردنی، وەك کەسایەتی: عیسا کوڕی محمد بن ابی القاسم الکردی الهکاری کە لە ساڵی( 669ك )کۆچی دوایی کردووە کە مۆڵەتی بەخشیە چەند قوتابیەك لەوانە محمد کوڕی عەبدو اللەتیف الخجندی، هەروەها زانا فەخر والدین ئەبی عمرو عوسمان کوری موسا ئامیدی کە ئیمامی حەنابیلە بوو لە حەرەمی شاری مەکە مۆڵەتی بەخشیە ژمارەیەکی زۆر لە زانا و فێرخواز لەوانە حافز جەمال الدین ئەبی بەکر ئەحمەد کوڕی عەلی قەلانیسی لە مەککە. هەروەها ئافراتانی زانایانی کورد بەشدار بوون لە پێدانی مۆڵەتبە زانایان ، لە نێویاندا قوتولومك کە کچی ناسر موحەمدی کوڕی ئیبراهیم ئەلئەیوبی کە لە ساڵی 744ك لە دایك بووە مۆڵەتی بەخشیە زانای بە ناوبانگ ئیبن حەجەر العسقلانی. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی ئەیوبیەکان لە سەڵاتین وپاشایان ڕۆڵیان هەبوو لەم بوارە وەك المەلیك الموفەزەڵ کوڕی سوڵتان سەڵاح الدین ...هتد.